# هەڵەبجە

## لە نێوان یادکردنەوەو بەدی هێنانی خواستەکاندا

وادیسانەوە ساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجەیەو قەڵەم وئامێرەکان دەکەونە خۆ تاکو بۆجارێکی تروبە وشێوازەچاولیکەرییەی خۆمانمان پێ ڕاهێناوە بۆئەم ساڵیش لەکەدارنەبین و ئەم یادەنەتەوەییەمان شکۆدارتربەڕێ بخەین .

لێرەدا وەک هەڵەبجەییەک ووەک یەکێک لەوانەی ئامادەی ئەومەرگەساتانەبووم دەمەوێت لەزمانی ئەم پێنوسەوەوبەشێوازێکی تر بەشداری بکەم تاکوبەش بەحاڵی خۆم هەندێ لەوبابەتانەی بەڕاستیان دەزانم دڵسۆزانە بیانخەمەڕوو بەهیوایەی ببنە پێشنیارێکی شایستە لەبەردەم دەسەڵاتدارانی بەرێزی کوردستاندا .

ئەوابیست ساڵی ڕەبەقەوهێشتا مازوی هەندێ کەلاوەی ئەوکات ڕماوەی ئەم شارە لەبن سەقفی ماڵە هەژاروبێ کەسەکاندا چەمیوەتەوەو چاوەڕوانن نەوەیەکی پەنجەڕنگینی بیکاسۆباشترین تابلۆی بێ کەسی لێ بتاشێ و لەتەلاری خواپێداوێ یان لەدەربارەکان ولەریزی عەتیقە گران بەهاکاندا هەڵواسرێ ..

وابست ساڵەوشەوبێدارانی بەرقەنیلەوچراموشی ئەم دەڤەرە بۆمەتەڵەکی شەو یەک یەک گڵۆپەکانی دەرەکێ و هانەگەرمەڵەو شۆشمێ دەژمێرن وبەلای لایەی ئاخ وحەسرەت و تامەزرۆوە سەردەنێنەوە .

بیست ساڵی تەمەن درێژەچەندین دەرچوی وانەی کیمیای ئەم تاقیگایە خواخوایانەبۆجارێکیش بێت هەناسەیەکی ساف هەڵمژن وبۆسەرمابونیک یان پیادەڕۆیشتنێکی بەپەلە هەزاران جارئاسەواری ڕۆژانی سەختی کیمیا مژین نەیانتاسێنێت .

ئەوەتەمەنی لاوێتی هەڵەبجەییەکی لەدایک بووی ئەوکاتە یەو کەچی گوڕوتینی بانگەشەی خەمی ئەم شارودەڤەرە هەروەک چاکەت وپۆشاکی شەهیدانی بەکۆمەڵ نێژراودەرزێ ولەیاد دەچێتەوە .

ساڵیادی ئەم جارەمان لەکاتێکدایە گۆڕانکارییەکانی دونیاوەک فلیمەکانی ڕایەڵەئاسمانییەکان دەگۆڕێن وفریای تەماشاکردنیشیان ناکەوین کەچی ئێمەی خۆش باوەڕسەدوچل یشمان پێ ڕەوانابیننو بێکەسی یەکەمان گەشتوەتەڕادەیەک سەرزەمینەکەمان بووەتەگۆڕپانی سنوربەزاندنی چاوچنۆکان .

ئەگەردانیشتوانی کۆسۆفۆڕێزلەقوربانیدانیان دەگیردرێت وبەسەربەخۆیی خەڵات دەکرێن ئەواجیگای خۆیەتی زلهێزانی دونیا حسابێک بۆئەوهەمووخەبات وقوربانیدانە بکەن کەبەسەرکورد دا هاتووە تاکوچیترتراژیدیاخەمناکەکان دووبارەنەبنەوەونەکرێینە قۆچی قوربانی وکێڵگەی تاقیکردنەوەکان ،هەربۆیەدەبێت

ئەم ڕوداوە وەرچەرخانێکی نەوعی بێت بۆسیاسەت مەدارانی کوردی بۆتۆیژینەوەو بەدواداچون لەسەرچۆنیەتی پەیوەندیەکان ولەبەرچاوگرتنی زیاتری بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانی گەلی کورد .

تەنانەت ئەوەشمان پێ نەبڕاکەتاوانباری سەرەکی ئەوهەمووکارەساتانەی بەسەر ئەم گەلەداهاتون لەسەرئەم تاوانانە دادگایی وسزابدرێن ،خۆئەگەرچی تاوان هەرتاوانە بەڵام پارێزەرانی تاوانباران دەتوانن بیانویەک بهێننەوە بۆئەودۆسیەی لەسەری سزادران بەڵام لەتاوانی گەورەوگرانی وەک کۆمەڵ کوژی گەلەکەمان هیچ یاساناسێکی خاوەن ویژدان ناتوانێت ئەوڕاستیانە بپۆشێت .

لێرەدا ئەم لەغزە جێی پرسیارەووەڵامیش شەرمەندەی حوزورکەبۆچی کارەساتی گەورەوگرانی وەک کۆمەڵ کوژی بەناوئەنفال و کیمیابارنی هەڵبجەو بالیسان و بادینان و قەرەداخ و قەتڵوعامی بارزانیەکان وئەو هەموو تاوانانەی دەرهەق گەلی کوردکرا چۆن ئەمانە هەمووی نەکرانە دۆسییەکی بەقەبارەبۆدادگایی کردنی بەرپرسی سەرەکی تاوان وسزای پێ نەدرا ؟! . دیارەهەروەک بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئیشارەی بۆکرد بەمەبەستی پەردەپۆشی بوو لەتێوەگلانی لایەنەکانی تری پەیوەند دار .چونکە ئەودەوڵەت ولایەنانەی هاوبەش وهاوکاربوون یان بێدەنگییان نواندوە ئەواشەرمەزاری ڕوی سەغڵەتییان تێ دەکات جگە لەبەرپرسیارێتی مادی کە ئەگەر بۆخۆمان هەبین و دۆستانی واقیعی مان هەبێت ئەوا دەبێت قەرەبوو بکرێین ، ئە ها چۆن توشبوانی نەخۆشیەکانی سینە بەهۆی جگەرەکێشانەوە داوالەسەرکۆمپانیەکانی وەبەرهێنانی جگەرەوتوتن تۆماردەکەن بۆقەرەبووکردنەوەیان ، خۆئەگەر جگەرەکێشەکان بەویست وئارەزوی خۆیان جگەرەدەکێشن ئەوا ئێمەی کوردی هەژاربەستەم و زۆرە ملێ ئەوژەهرەمان دەرخوارد درا و کراینە کێڵگەی تاقیکردنەوەی سیانیدو خەردەل و جۆرها گازی تروپێکهاتەی تێکەڵ کردنیان .

کەواتەزۆرجێگای خۆیەتی ئەوقوربانی وزیانەگەورانە بکرێنە پرۆژە یاساییەکی تێروتەسەل وهەمووچین وتوێژەکانی کوردستان پشتگیری لێ بکەن وپاشان سەرۆکایەتی بەڕێزی کوردستان پاش پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان بیکاتە داوایەکی فرمی لەسەرئاستی نێودەوڵەتی بۆتۆمارکردنی لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لەڕیزی کارەساتە کۆمەڵ کوژییەکانی جیهانی وهەروەها بۆتۆمارکردنی سکاڵابۆقەرەبوو کردنەوەی ناوچەزیان لێکەوتوەکان ودانیشتوانی ئەڵبەتەزۆرجاران گلەیی وگازندە دەکرێت کەهیچ نەکراوەبۆهەڵبجەو جێگازیان لێکەوتوەکانی تروبەرپرس ودام ودەزگاکانی هەرێم بەکەمتەرخەم ناودەبەن ،دیارە ئەوەڕای زۆرکەسەو ڕەنگە بەرپرسەکانیش بۆخۆیان هەست بەوە دەکەن ودەیدرکێنن

کەهەرگیز ئەوپرۆژەوچالاکیانە کەکراوەودەکرێت لەئاستی ئەوهەمووکاولکاری و کۆمەڵکوژییەدانییە ،هەروەک چۆن لەگەڵ نیازومەبەست وبەڵێنەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی وشاخ و کاتی ڕیکلام کردنی پێش دەنگ دانەکان یەکناگرنەوە.
ئەوانەوزۆرێکی تریش کەمیدیاوسەکۆکانی ڕاگەیاندن وئەوانەی دوورن لەسەرئێشەی کارگێڕی وبەڕێوەبردن و دەسەڵات باسی لێوە دەکەن و بە بەڵگەوژمارە بڵاوی دەکەنەوە .
بەڵام ئەوەی ڕاستیە ئەوەیە کەئەوتاوانەگەورەوگرانانە بەهێزودارایی وچەکی دەوڵەت کراوەوپشتیوانی وهاوکاری ورەزامەندی یان بێدەنگی دەوڵەتانی دوورونزیک ئەنجام دراوە بەجۆرێک تەواوی ژیان و گوزەران وژێرخانی ئابووری و تەنانەت پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی تاکەکەسیشی گرتوەتەوە ،سەرەڕای زۆرێک لەناوچەکان وەک تێک دانی شوێنەواروسروشت وژینگە ..دیارەچارەسەری وەها تێک دانێک وسڕنەوەی ئاسەواری ئەم تاوانانە وپارێزگاری لە مێژووەکەی وتەواوی ئەمانە بەنەخشەوپلان و وئەرک ودارایی دەوڵەت دەکرێت ئەویش بە پشتیوانی نێودەوڵەتی .
ئەرک وبەرپرسیارێتی مێژویی وگەورەش لەئەستۆی بەرپرسانی بەڕێزو دڵسوزی کوردستان دایە کەڕاسپاردەوپێشنیارە شیاوەکان وەربگرن و کاری جدی وپێویستی بۆبکەن بۆبەدی هێنانیان .
لێرەداولەساڵیادی کیمیابارنی هەڵەبجەدا منیش وەک هەڵەبجەییەک ئەم پێشنیارانە ئاراستەی بەڕێزیان دەکەم کەدڵنیام گونجاوەلەتەک بیرکردنەوەی بەڕێزیان هەروەک جۆن قایلم بەوەی بەشێکە لە خواست و داواکارییە بنەڕەتیەکانی جەماوەری ستەم دیدەی کردستان /
یەکەم | دیاری کردنی لێژنەیەکی کارامەودەسەڵات پێدراو پێک هاتوو لە پسپۆڕان وشارەزالەبوارەکانی یاسا وپزیشکی و ئەندازیاری وشەرعی و پەروەردەیی وژمێریاری وچەندئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان ووەزارەتە پەیوەند دارەکان بەمەبەستی خستنە کاری لێژنەیەکی باڵای هەمیشەیی بۆ (توێژینەوەو تۆمارکرنی ناوچەزیان لێکەوتوەکان ) کەئەرکی خۆیان لەئەستۆبگرن لەبوارەکانی کۆکرنەوەی زانیاری وتۆمارکردنیان بەوێنەوەو بەڵگەنامەی دەست کەوتو ، سەردانو پەیوەندی بەدام ودەزگاکانی ناوخۆودەرەوە،هەروەها چاودێری داهات و خەرج کردنی ئەنجام دانی پرۆژەکانو بەسەرکردنەوەیانو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت وسکاڵاو ڕاسپاردەکان بۆسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان .
دووەم | ڕاسپاردنی وەزارتی پەروەردەبەهاوکاری لێژنەی نابراوو کۆڕی زانیاری کورد بەمەبەستی ئامادەکرنی پوختەیەکی مێژویی باوەڕپێکراولە تەواوی ئەوستەم

وكۆمـەڵكوژی و بێـبەش بونـەی هاتوەبەسـەرگەلی كـورد دا تـاكو لــە پرۆگرامـی پەروەردەوفێركردنداتۆماربكرێت بەجۆرێک كاریگەربێـت لــە فێـركردنی قوتابیـانی كوردستان وئاشناییان بە مێژوی كورد .

سێیەم | پلان دانان بۆكردنەوەی (زانكۆی هەڵەبجە ) كەگشـت بوارەكـانی زانیـاری سەردەم بگرێتەخۆ ،وەک ڕێزنانێک لەقوربانی دانی ئەوشـارەو لەهــەمان كاتیشـدا ڕیشــــەدارتركرنی بۆچــــونی بەرهەڵســـــتی وڕیشەكێشـــی تــــاوان لـــــەبیری توێژەزانستییەكانی گەلەكەماندا وناساندنی زیاتری مێـژوی خــەباتوقوربانی ئـەم گەلەلەسەنگەری زانستەوە ،هەروەهابۆپڕكردنەوەی كەلێنێكی تـری بـواری زانسـت وخوێندنی بالا لەكوردستاندا .

چوارەم | كردنەوەی (بانقی هەڵەبجە) بەسـەرمایەیەكی هاوبـەش لەگـەڵ دارایـی هەرێم وهاوكاری دەرەوەوبەشداری سەرمایەدارانی نـاوخۆیی بەجۆرێـک لەئاسـتی بوژانەوەوگەشەپێدان دابێت وبڕێكی دیاری كراولەسودە ڕەواكـانی بسپێردرێـت بــە (سندوقی هاریكـاری ناوچــە زیـان لێـكەوتوەكان) و لەوسـندوقەش ئەندازەیــەكی گونجاوتەرخان بكرێت بۆهەڵەبجەوشارەزوروهەورامان .

پێـنجەم | كردنــەوەی كەناڵێـكی ئاسمــانی تەلــەفزیون بــەناوی (هەڵەبجــە )كـە زیاترتایبەتمەندبێــت بــە (وەســائیقی ) وبەشێوازێـكی متمانەدارمێــژو ونەرێـت وكەلەپوروپیشەسـازی و شوێـنەوارەكانی كوردسـتانی تێدابلاوبكرێـتەوە لەتــەک بایەخــدان بەنیشــــاندانی جێگاگەشـــتوگوزارەكانی كوردســـــتان وتێـــكڕای تایبەتمەندییەكانی نەتەوەی كورد .

شەشەم |هەوڵ دان بۆبیناسازی تەلاری كۆنگرەوكۆبونــەوەكان بەجۆرێـک شـیاوی هەندێـک لەكۆبونەوەوكۆنفرانســەكانی نــاوخویی ونیودەوڵــەتی هەبێـت بۆكـاتی پێویست .

حەوتەم | بایەخ دان بە تەندروستی وژینگەی ئەودەڤەرەودانیشتوانی بـە تایبـەتی هەوڵدان بۆدروستكردنی تاقیگایەكی پزیشكی پێشكەوتولەشاری هەڵەبجە .

هەشـــتەم | كردنــــەوەی كۆگاوگەنجێــنەی شیاوبۆســـوتەمەنی وگەنـــدم وئـــاردو هەرپێداویستیەكی تری ئەودەڤەرەدوورەدەستەكەلەكاتی پێوست دا دانیشتوان سودی لێ وەربگرن .

نۆیەم |كردنەوەی كارگەیەكی ئاوی خواردنەوەلەسەرچاوە سـازگارو شـیرینەكانی هەورامانی مەڵبەندی عیلم وعیرفان وقەڵای دێرینەی شۆڕش لەوهاوكاریانەی دابین دەكرێت بۆناوچەكەوتەرخان كردنی بڕێک لە سودەكانی بۆپرۆژەوكارگوزارییــەكانی هەورامان .

دەیەم | بایەخ دانی ڕاستەقینە بەگوندوهەوارگەدوورەدەستەکان ئـەوەش بەخـەڵات کردن وئاسانکاری بۆئەوانەی دەگەڕێـنەوە وەک پرۆژەبنـەڕەتیکانی ژیـان ودابـین کــردنی کەرەســەی باخــداری و جوتیــاری وئاژەڵــداری وگرنگــی دان بەســامانە سروشتیەکان ،بەتایبەتی بەرهەمی میوەی ناوچەکە ، کەئەگەر کاری باشی بۆبکرێـت دەبێتە یەکێک لەبەرهەمە گرنگەکانی کوردسـتان شـیاوی ناردنـە دەرەوەی هەبێـت وکاریگەربێت بۆبوژانەوەی ئابوریمان .

یازدە| ناونانی گۆڕەپان وشەقام لەبەغدای پایتـەختی عێـراق بەنێـوی هەڵەبجـە ،هەروەهالەشارەســەرەکیەکانی کوردســتان بەهاوشێــوەی شــەقامی هەڵەبجــە لەهەولێری پایتەخت لەپێناوی زیاترزیندوهێشتنەوەی مێژوی قوربانی گەلەکـەمان ،جێـگای خــۆی بوونــاوی هەڵەبجەوقوربانیــە گــەورەکانی تــری ئــەم ســەردەمە تێهەڵکێشی سرودی نیشتمانی بکرایە تاکو خەباتوقوربانیەکانی نوێـی گەلەکـەمان هەمیشە لەسەرزارمان بێت .

دوانزە| ئەم دەرفەتەش هەلێکی لەبارە بۆیادئاوەری وڵاتی دراوسێـی وزۆر نزدیکـی ئێران کە گەلی کوردوناوچەی هەڵەبجە دۆست ولایەنگری ئەو وڵاتەبوون ولەپێناوی ئەوهاوکارییەشدا قوربانی گەورەوگرانیان بـۆ مایــەوە وئێسـتەش وادەی خۆیـەتی ئاوڕێـکی وەفادارانــەیان هەبێــت وبەشــداربن لەئاوەدانکردنــەوەی کوردســتاندا وبەتایبــەتیش لەناوچــەی هەڵەبجەکەبۆئــەم کاتــە بــەدووپرۆژەی پێویسـت وەک بەستنەوەی ووزەی کارەباو گازی لولەیی بەتۆڕی دابەش کردنی وڵاتەکەیانەوە.

لەکۆتاییدا پێموایەئەم پێشنیارانەداخوازی زۆربــەی هــەرەزۆری جــەماوەرن و جــێ بەجێ کردنیشیان مەحاڵ نین وگرنگ ئەوەیە هــەنگاوی جــدی وعەمــەلی بۆبنرێـت ،ئەوکات هەموانی پێ دڵخوش دەبێت ودۆزی ڕەوای ئەم گەلــەش زیــاتر بەرەوپێـش دەچێت ویادەکانیش بەڕاسـتی وشکۆدارتردەکرێنەوەوهەرکارێـکی چـاکیش مایــەی ڕەزامەندی خوای گەورەیە کەپشت وپەنای هەموانە .

عەبدولڕەحمان عوسمان عەبدولعەزیز

هەولێر ٢٠٠٨/٣/١٠